# با ئەم سوننەتە نوێ بکەینەوە
# گۆڕینی ڕەنگی سپی مووی سەرو ڕیش
# بۆچی؟
# وەکەی؟
# وە بە چ ڕەنگێك؟

م/ سامی مصطفی حــــسن

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمـد لله الـذى خلـق الانـسان في احـسن تقـويم والـصلاة والـسلام علـى محمد النبي الأمي الكريم..

وبعد:

هەروەکو چۆن ئیـسلام بایـەخ بـە خـاوێن کردنەوەی دڵ ودەرونی مرۆڤـ دەدات لـە نەخۆشـــییەکانی شـــیرکو بیدعـــەو حەسادەتو بـەخیلی.... هتـد بـە هـەمان شێوە بایـەخ بـە ڕوخـسارو جـلو بـەرگی مرۆڤـ دەدات، وە لـە لاسـایی کردنـەوەی کـــافران وە هۆیـــەکانی شـــەهوەتو خۆبەگـــەورە زانـــین... هتـــد دوور دەخاتـــەوە، چـــونکە ڕوخـــسارو بـــاری دەرەکـی مرۆڤـ کـار لـە دەروونو حـاڵی ناوەوەی مرۆڤـ دەکات.

شێخی ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموودەی:

(٠٠ والله لتقيمنَّ صفوفكم ، أو ليخالفنَّ اللهُ بين قلوبكم)[١].

واتــە: پێغەمبــەر ¢ ســوێند دەخــوات ئەگــەر موســڵمانان ڕیزەکــانی نوێــژیان ڕاست نەکەن ئەوا خوا دڵیان لەگەڵ یەکتر جیاواز دەکات، دەکاتە بەڵگە کـە ظاهر و ڕوکەش کار لە بـــاطن و نـاوەوەی مرۆڤـ

(١) (أخرجه أبو داود : ٦٦٢، وأحمد: ٢٧٦/٤، وغيرهما، وصححه النووي وابن حجر والألبـــاني، أنظـــر : سلـــسلة الأحاديث الصحيحة: ٧١/١-٧٢، رقم: ٣٢، وصـــحيح أبوداود: ٢٣٦/٣-٢٣٩، رقم: ٦٦٨).

دەكـات بـە چـاكە و بـە خراپـە، وە لـە ســـودی چــــوارەمی فەرموودەكـــــەدا دەفەرمێت:

(إن فساد الظاهر يؤثر في فـــساد البـــاطن والعكس بالعكس، وفي هذا المعنى أحاديـــث كثيرة)[٢].

واتە: خراپەی ظاهر و ڕوكەش كاری خراپ دەكاتە سەر باطن، وە چاكەی ظاهر كاری چاك دەكاتـە سـەر باطن، وە بـەم مانايـە چەندين فەرموودە هەن.

ئەميش ڕاستيەكی بەڵگـە نەويـستە هـەر بۆيە ووتراوە: (الظاهر عنوان الباطن).

واتە: ڕوخسار ناونيشانی ناخە.

وە ووتراوە: (تخبر عن مجهوله مرآته)[٣].

واتە: وێنەكەی باس لە ناخە شـاراوەكەی دەكات.

وە ئـــەم ڕاســـتيەيش گـــومڕايی ئـــەو برايانـــەمان بـــۆ دەردەخـــات كـــە ڕيـــش دەتاشـــنو جـــلو بـــەرگی كـــافران لەبـــەر دەكـــەن، وە ئەگـــەر ئامۆژگـــاری بكـــرێن ئيـشارەت بـۆ دڵيـان دەكـەن وە دەڵـێن: مەرج خاوێنی دڵـە، وە بـە هـەمان شـێوە ئـەو خوشـكانەی توشـی سـفوری دەبـن خوای گەورە هەموومان بپارێزێت.

ئـــيتر ئەمـــە پێـــشەكی باســـەكەمانە وە باسەكەمان خاڵيكی ئەم بابەتە فراوانەيـە كە ئەويش بايەخ دانی ئيـسلامە بـە(هدي ظاهر) ئەويش گۆڕينی مووی سـپی سـەرو ڕيش:

بۆچی؟ وەكەی؟ وە بە چ ڕەنگێكئ؟

وەڵامدانی ئەم سێ پرسـيارە باسـەكەمان بۆ نزيك دەكاتەوە.

*وەڵامی پرسياری يەكەم: گۆڕينی ڕەنگـی سـپی مـووی سـەرو ڕيـش بۆچی؟

بێگومان ئەگەر بڵێين گۆڕينی مووی سـپی ســـەرو ڕيـــش بـــۆ جوانكـــاری ڕوخـــسارو

---

(٢) سلسلة الأحاديث الـصحيحة: (١/٧٤)، وە شـيخ الإسلام ابن تيمية لـە پەرتوكـە بەنرخەكەيدا: (اقتـضاء الصراط المستقيم: ١/٩٢-٩٥) بـە تێروتەسـەلی بـاس لـە گرنگی ئەم بابەتـەمان بـۆ دەكـات، پاشـان دەفـەرمێت: (فهذا أصل ينبغي أن يُتفطن له)

واتە: ئەمە كارێكی بنـچينەييە پێويـستە موسـڵمان لێی بە ئاگا بێت.

هەروەها گوێ بيستی كاسێتی ژمارە: ٦٢٥ ی زنجيرەی (الهدى والنور) ببە وەباسێكی گرنگ لەسـەر كاريگـەری روخسار لەسەر ناخ.

(٣) (معجم الإستشارات: ص٣٥٥)، وە بڕوانـە: (سـبل السلام: ٣/ ٢٩٣).

هێنانەوەی گەنجایەتییە بۆ دەموو چاوو لەوانەیە وەڵامەکەمان هەڵە نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەڵامێکی تەواو نییە، چونکە کاتێك موسڵمان هەڵسوکەوت دەکات پێویستە یەکجار هەڵسوکەوتەکەی بۆ هێنانەدی فەرمانەکانی خواو پیغەمبەر ﷺ بێت بە نیازی پاداشتی ڕۆژی دوایی، بۆیە وەڵامی ڕاست بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە بڵێین: ئێمە مووی سپی سەرمان ڕەنگ دەکەین بۆ بە جێهێنانی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرمێت:

(إن اليهود والنصارى لا يصبغون فخالفوهم)[٤].

واتە: جولەکەو دیان(گاور) سەرو ڕیشیان ڕەنگ ناکەن ئێوە سەرپێچیان بکەن ئەم کارە بەجێ بێنن.

وە چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەم کارە داوە بۆیە زانای پایەبەرز (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆ واجب بوونی ئەم کارە دەچێت، وە لە ڕیوایەتێکدا بۆ ئەوە دەچێت کە ئەگەر ئەم کارە لە تەمەنێکدا یەك جاریش بێت ئەوا هەر لەسەر موسڵمانان پێویستە[٥].

وە (شيخ الإسلام ابن تيمية) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە: (إقتضاء الصراط المستقيم)دا بۆ سوننەتی ئەم کارە دەچێت[٦] وە هەروەها ئیمامی (نەوەوی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە(مجموع شرح المهذب: ١/٣٤٥) دەفەرمێت: مەزهەبمان سوننەتی گۆڕینی مووی سپییە بە زەرد یان سوور ئیتر هەر کوێیەك بێت ووتەی زانایان لە نێوان واجب بوون وسوننەتی ئەم کارە دایە، وە بەڵگەکان بۆ واجب بوونی دەچن، وە ئەگەر سوننەتیش بێت ئەوا نوێ کردنەوەی کارێکی گەورەیەو پاداشتی زۆرە بە تایبەتی لەم زەمانەدا، بەڵکو کاتێك ئیمامی ئەحمەد(ڕەحمەتی

---

(٤) (أخرجه البخاري: ٥٨٩٩ ومسلم: ٢١٠٣، ٨٠، وأبوداود: ٤٢٠٣ والنسائي: ٨/٨٥ ٥وابن ماجة: ٣٦٢١، وأحمد وغيرهم).

(٥) (فتح الباري: ١٠/٣٦٨، ط الريان).

(٦) (الإقتضاء: ١/٢٠٣ ط اشبليا ) وەابن تيمية بەڵگەی هەڵگرتنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ لە واجب بوون بۆ سوننەتی لە فەرموودەکانی فەرمان دان بە گۆڕینی ڕەنگی موی سپی سەرو ڕیش بەوە دێنێتەوە کە سپی بونی موو کاری مرۆڤ نییە بۆیە ئەم جۆرە لاساییە بۆ جولەکەو گاور نابێتە حەرام هەتاوەکو گۆڕینی واجب بێت بەم مانایە.

**خـوای لێ بێـت) پیاوێـك دەبینێـت ڕیـشی خەنـە كـردووە دەفـەرمێت: ئـەم پیـاوە سوننەتێكی مـردووی زینـدوو كردۆتـەوە، وە دڵی بەمە خۆش دەبێت[٧].**

**كەواتــە موســڵمان پێویــستە بــۆ ئـــەم مەبەســتە پـــیرۆزە- نــوێ كردنـــەوەی سوننەت وە شوێن كەوتنی پێغەمبەر ﷺ سەرو ڕیشیان ڕەنگ بكەن لە كاتی سپی بوونیـان، نـەك تـەنها بـۆ جـوانی یـان بـۆ عادەت ئا ئەمە جێـی دڵخۆشـیە وە ئەمـە وەڵامی ڕاستی پرسـیارەكەیە، وە ئەگـەر نا گۆڕێنی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش هــیچ تامەزرۆیــەكی نــیــە بــۆ دڵــی موسـڵمانێك كـە بـە دڵو دەروونـەوە بـۆ ئیسلامەتی بژێت، بـەڵكو بـە پێـچەوانەوە جـاری وا هەیـە لەوانەیـە گـۆڕینی ڕەنگـی سەرو ڕیش سەرپێچی كردنی فەرمانەكانی پێغەمبــەر ﷺ بێـت كاتێـك كـە دەبێتـە لاســـــایی كردنــــــەوەی هونەرمەنــــــدو یاریزانەكانی ڕۆژئاوا ! !.**

**وە هەر لەم بابەتەوە ڕیش هێشتنەوە بـە بۆنـەی تەعزیـەو هـەواڵی غـەمبار بیدعـەو گوناهە لە كاتێكدا كە ڕیش هێشتنەوە بـۆ بـــەجێهێنانی فـــەرمانی پێغەمبـــەر ﷺ واجبێكە ئیجماعی لەسەر هەیە[٨].**

**ئیتر پێویستە مرۆڤی موسڵمان ئـەم خاڵـە گرنگە لـە گـشت هەڵسوكەوتێكیدا لەبـەر چاو بێت ئەگەر نا ئیسلامەتییەكەی وەكو لاشەیەكی بێ ڕووح وایـە، پێویـستە سـەر لە نوێ بـە ڕوحـی قورئـان وە فـەرموودە زیندوو بكرێتەوە.**

## *وەڵامی پرسیاری دووەم: گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش كەی؟

(٧) (ذكره الألباني في :جلباب المرأة المـــسلمة : ص١٨٧-١٨٨ط المكتبة الإسلامية، نقــلا مـــن نيــل الأوطـــار : ١٩٣/١، ط دار الكتاب العربي).

(٨)عن ابن عمر مرفوعاً : (**خالفوا المشركين أعفوا اللحى وأحفوا الشوارب**) (صحيح سنن النسائي: ٥٠٤٦) .

**واتە: ابن عمر لـە پێغەمبـەر** (صلى الله عليــه وســلم ) **دەگێڕێتەوە كە فەرمانی داوە بـە كـورت كردنـی سمێـڵ وهێشتنەوەی ڕیش.**

**وەزانای پایەبەرز(ابن حـزم)ئـەم فەرموودەیـە وچـەندین فــەرموودەی تــر بــەم مانایــە دەكاتــە بەڵگــە كــە هێشتنەوەی ڕیش وكورت كردنەوەی سمـێڵ فـەرزە، وە كۆڕای زانایان لەسەر ئەم حوكمە نەقڵ دەكـات. بڕوانـە:** (فتاوى اللجنة الدائمة: ١٣٤/٥، ط دار العاصمة)

**وە بۆ ئەوەی كە بزانیـت هێشتنەوەی ڕیـش بـە بۆنـەی تەعزیە گوناهو بیدعەیە بڕوانە:** (أحكام الجنائز للألبــاني: ص٢٤٥ ط المكتب الإســلامي )، و(موســوعة المنــاهي الشرعية لسليم الهلالي: ٢١/٢-٢٢، ط ابن عفان).

سەرو ڕیش کاتێك ڕەنگ دەکرێت کە ڕەنگە سروشتیەکەی سپی بووبێت ئەگەر چەند موویەکیش بێت ئەمەش بە زۆری بەهۆی تێپەڕ بوونی تەمەن ڕوو دەدات....

پێغەمبەر ¢ دەفەرمێت:

(غَيِّروا الشيب ولا تشبهوا باليهود ولا بالنصارى)[٩].

واتە: ڕەنگی مووی سپی بگۆڕن وە لاسایی جولەکەو دیان نەکەنەوە، چونکە ئەوانە ڕەنگی مووی سپی ناگۆڕن.

وە زۆربەی فەرمانەکانی پێغەمبەر ¢ لەسەر گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش بە مووی سپیەوە پابەندن، وەکو ئەم فەرموودەیە، وەفەرموودەی جابر i :

[أتي بأبي قحافة يوم فتح مكة ورأسه ولحيته كالثغامة بياضاً، فقال رسول الله ¢ : (غيَّروا هذا بشيء واجتنبوا السواد)][١٠].

واتە: ڕۆژی فەتحی مەککەی پیرۆز باوکی ابو بکریان ´ هێنایە لای پێغەمبەر ¢ ڕیش و سەری زۆر سپی ببوو وەکو الثغامة (گیایەکە لە ناوچە شاخاوییەکان هەیە کاتێك وشك دەبێت سپی دەبێت ئیتر کە شتێك زۆر سپی بێت بە الثغامة دەشوبهێنرێت، بڕوانە: المصباح المنير: ص٣٢، ط مكتبة لبنان) پێغەمبەر ¢ فەرمووی سەری ئەمە بەشتێك بگۆڕن بەڵام ڕەشی مەکەن.

وە هەروەها فەرموودەی أبي أُمامة i :

(خرج رسول الله ¢ على مشيخة من الأنصار بيض لحاهم، فقال: يا معشر الأنصار حَمِّروا وصفِّروا وخالفوا أهل الكتاب...)[١١].

واتە: پێغەمبەر ¢ چووە ناو کۆمەڵە شێخێکی ئەنصاری ´ ڕیشیان سپی ببوو، فەرمووی: ڕیشتان سوور بکەن یان زەرد بکەن سەرپێچی ئەهلی کیتاب بکەن...

وە پێغەمبەر ¢ دەفەرمێت:

---

(٩) (أخرجه أحمد: ٧٥٤٥، ١٠٤٧٢ وقال الألباني: إسناده حسن، وانظر جلباب المرأة المسلمة لألباني: ص١٨٩-١٩١).

(١٠) (أخرجه مسلم وغيره

(١١) (أخرجه أحمد: ٥/٢٦٤، ط الميمنية، من حديث أبي ذر i وحسن إسناده الحافظ في: الفتح: ١٠/٣٦٨، الريان، والعيني في: عمدة القاري: ١٥/٩٦، فكر، والألباني في: جلباب المرأة المسلمة: ص١٨٤).

**(إن أحسن ما غيِّر بــه الــشيب الحنــاء والكتم)**[١٢].

**واته: باشترین شت كه ڕەنگی مووی سپی بگۆڕێت خەنەو وسمەیە.**

**وه بەم مانایانـه زۆر فـەرمووده هـەن كـه گۆڕینی ڕەنگی سەر تەنها تایبەت دەكات به مووی سـپی، وه فـەرموودەكانی تـری پیغەمبـەر ﷺ كـه بـه ڕەهـایی بـاس لـه گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش دەكـەن بەمـه تەفسیر دەكرێن**[١٣].

**وه بۆیه زانایان دەفەرموون:**

(لا يغيَّر إلا الشيب).

**واتــه: تــەنها ڕەنگــی مــووی ســپی دەگۆڕدرێت.**

**وه له پێناسـەی** (خضاب) **دا (ابـن حجـر) (ڕەحمـەتی خـوای لێ بێـت) دەفـەرمێت:**

(الخضاب: تغــيير لــون شــيب الــرأس واللحية)[١٤].

**واته:** خضاب **بریتییه له گۆڕینی ڕەنگـی مووی سپی سەرو ڕیش.**

**وه ئەم حوكمه شەرعییه ئـافرەتو پیـاو دەگرێتــەوه، بۆیــه لێرەیــشدا پێویــسته خوشكی موسڵمان ئاگـادار بكرێتـەوه كـه بـۆی نـیـیـه بـۆ جوانكـاری ڕەنگـی مـوی سەری بگۆڕێت پێش ئەوەی سەری سـپی بێت ئەگەر چەند موویەكیش بێت، كه بـه داخەوه زۆربەی خوشكان لەمه بێ ئاگان.**

**شێخی ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت:**

(الصبغ لا يجوز إلا بالنسبة لمن شاب ســواء كان ذكراً أو أنثى)[١٥].

**واته: ڕەنگ كردنی مـوو نابێـت تـەنها بـۆ كەسـێك نـەبێت كـه مـووی سـەری سـپی ببێت ئەوجا چ ژن چ پیاو.**

---

(١٢) أخرجه أبــو داود: ٤٢٠٥، والترمــذي: ١٧٥٣، والنسائي: ٥٠٩٣، ٥٠٩٧ وصححه الألباني في: السلسلة الصحيحة: ١٥٠٩، وانظر نهاية المرام للالبــاني: ص٦٩-٧٢).

(١٣) **هەڵگرتنی دەقه**(مطلق) **ەكان بەسەر** (مقيد) **ەكان زانستێكه له كتێبـەكانی**(أصول الفقه) **دا بـاس دەكرێـت، بڕوانـه:** (الجامع لمسائل أصول الفقه وتطبقها على المــذهب الراجح).

(١٤) (فتح الباري: ٣٦٧/١٠ وانظر أيضاً: عون المعبود: ١٧٨/١١، ط المكتبة العلمية).

(١٥) (شريط رقم: ٨١٤ سلسلة الهدى والنور، الدقيقــة السادسة، وانظرالمنتقى من فتاوى الشيخ صالح الفــوزان: ٣١٧/٣، ومجموعة فتاوى ورسائل الشيخ محمد بن صــالح العثيمين: ١٣٦/٤، وفي هذه المسألة خلاف وما ذكرناه هو الأقرب الى الدليل).

***وەڵامی پرسیاری سێیەم: گۆڕینی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش بە چی ڕەنگێک دەبێت؟.**

**لە گۆڕینی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش دا پێویستە ئەم مەرجانە ڕەچاو بکرێت:**

**١- ڕەنگە بەکارهاتووەکە ڕەش نەبێت.**

**٢- ڕەنگــە بەکارهاتووەکــە لــە چــوار چـێوەی ڕەنگـەکانی(قهـوائی، بنـی، بـۆ سورێکی تۆخ، بۆ سور بۆ زەرد)دا بێت.**

**٣- ڕەنگە بـەکار هاتووەکـە خـاوێن بێـت حەڵاڵ بێت زەرەری نەبێت.**

**بەڵگەکانی مەرجی یەکەم:**

**فەرموودەی یەکەم:**

**عـن جـابر i** : [أتي بأبي قحافة يوم فــتح مكة ورأسه ولحيته كالثغامة بياضاً، فقــال رسول الله ¢ : **(غيَّــروا هــذا بــشيء واجتنبوا السواد)]**(١٦).

**پێشتر باس لـە مانـای ئـەم فەرموودەیـە کرا.**

**برگـەی: (واجتنبوا الــسواد ) کێـشەیەکی لەسەرە ئایا مەرجە یان مەرج نیيە؟**

**وە لە ڕاستیدا برگەکە مەرج نییـە، بـەڵکو بەشێکە لە فەرموودەکە بەڵگەیش لەسـەر ئەمە زۆرن لەوانـە: موتابەعـەی** (الليث بن سعد) **بـۆ ڕیوایـەی** ابن جريج عن أبي الزبير عن جابر **i** )

**فەرموودەی دووەم:**

عن ابن عباس ´ قال: قال رســول الله ¢ :

**يكون قوم يخضبون في آخر الزمان بالــسواد كحواصل الحمام لا يريحون رائحة الجنة)** (١٧).

---

(١٦) (أخرجه مسلم في صــحيحه، وأحمــد في المــسند، وأبوداود في السنن، وعبدالرزاق في المصنف، وحققه شعيب الأرنؤوط برقم: ١٤٤٠٢مسند جابر، و ١٢٦٣٥ مــسند أنس، **بەڵام باسیان لەوە نەکردووە کە برگـەی**(واجتنبــوا السواد) **کێـشەیەکی لەسـەرە ئایـا مەرجـە یـان نـا؟ وە لەڕاسـتیدا برگەکـە مـەرج نییـە بـەڵکو بەشـێکە لـە فەرمودەکە بەڵگەش لەسەر ئەمە گەلێك زۆرن لەوانە:**

---

*متابعةة الليث بن سعد لرواية ابن جريج عن أبي الزبير عن جابر **i** ٠

* **وەبرگـەی(**وجنبوه الــسواد **) نـەك تـەنها لـە ڕیوایـەتی جابردا هەیە بەڵکو لە ڕیوایەتی أنـسدا i هـاتووە لـە مـسندی ئیمـامی ئەحمـەد دا بـە ژمـارە: ١٢٦٣٥، وە صەحیحە لەسەر مەرجی مسلم٠**

**وەچەندین بەڵگەی تـر کـە(**يح بن صالح البــهلال **) لـە پەرتوکە بەنرخەکەیدا(** إتحاف الامجــاد باجتنــاب تغــيير الشيب السواد: ص١٣٢-١٣٣ط غــدارة البحــوث - رياض**) دەیهێنێتـەوە کـە لێـرەدا بـواری بـاس کردنیـان نییە٠**

(١٧) (صححه الألبــاني في: صــحيح أبي داود: ٤٢١٢- معارف، وقال محققوا مسند الإمام أحمد : الحــديث علــى شرط البخاري ومسلم، وانظر :مــسند أحمــد : ٤/٢٧٦-

**واته: قەومێك دێن لە ئاخری زەمانا مووی سەریان بە ڕەش ڕەنگ دەكەن هەروەك سیقەتۆرەی كۆتر ئەمانە بۆنی بەهەشت ناكەن.**

**فەرموودەی سێیەم:**

عن انس  قال: دخلت يهود على رسول الله  [رآهم بيض اللحى] فسأل عنهم؟ فقالوا: يهود يارسول الله  وهم لا يصبغون الشعر، فقال:

**(غيِّروا سما اليهود ولا تغيِّروا بسواد)**[18].

**واته: جوولەكە بۆ لای پێغەمبەر  هاتبوون ڕیشیان سپی ببوو پێغەمبەر  بە هاوەڵەكانی  فەمووی: ئەمانە كێن؟**

**ئەوانیش لە وەڵامدا فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خودا  ئەمانە جولەكەن ڕەنگی سەرو ڕیشیان ناگۆڕن پێغەمبەر  فەرمووی: ئێوە ڕوخساری جولەكە لە خۆتان بگۆڕن بەڵام گۆڕینەكە بە ڕەش نەبێت.**

**فەرموودەی چوارەم:**

عن انس  قال: قال رسول الله  :

**(غيِّروا الشيب ولا تقربوا السواد)**[19].

**واته: ڕەنگی مووی سپی بگۆڕن بەڵام لە ڕەش نزیك نەكەون.**

**ئیتر ئەم چوار فەرموودە صەحیحە وە چەندین فەرموودەی تر بەم مانایە[20] بەڵگەی ڕوونو ئاشكران بۆ تاوانباری كەسێك كە بە ڕەش سەرو ڕیشی ڕەنگ دەكات، وە وەڵامێكی ڕوونو ئاشكرایە بۆ**

---

٢٧٧ ط المؤسسة، رقم : ٢٤٧، وانظر: القول المسدد : ص٤٩، ودفاع ابن حجر لهذا الحديث.

**سودێك:**

ابن أبي شيبة **لە** (مصنف) **دا ڕیوایەتی كردووە كە** (فرعون) **یەكەم كەس بووە كە بە ڕەش ڕەنگی سەری گۆڕیبێت.** (المصنف: ٧/٢٥٤) (٥/١٨٤) ط دار الكتب العلمية.

(١٨) رواه الطبري في : تهذيب الآثار، وصححه الألباني في: السلسلة الصحيحة : ٧/٩٦٢ ط المعارف ، رقم: ٣٣٢٤، والجزء الذي بين المعكوفتين هو رواية الطبراني في الأوسط: ١/٥٠، ط :الحرمين، رقم : ١٤٢، وحسن الهيثمي رواية الطبراني في: مجمع الزوائد: ٥/١٦٠).

(١٩) (أخرجه أحمد: ١٣٥٨٨ والسيوطي في : جامع الصغير: ٢/٢٠٢ وصححه الألباني في : صحيح الجامع الصغير: ٤١٦٩، ومحققوا المسند: ١/٢١٠، ط: المؤسسة. والحديث له شاهد آخر رواه البيهقي في السنن الكبرى : ٧/٣١١ من حديث أبي هريرة  ، ورجاله كلهم ثقات عدا حسن بن هارون الذي سكت عنه الخطيب في : تاريخ بغداد: ٧/٤٤٩، وانظر: زوائد تاريخ بغداد : ٧/١١٧، ط: دار القلم للأحدب).

(٢٠) انظر: مجمع الزوائد: باب ما جاء في الشيب والخضاب: ٥/١٥٨-١٦٥).

**ئەو زانایانەی کە گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش بە ڕەش بە ڕەوا دەزانن لەبەر چەند ئاسارێك کە لە صەحابە یان تابعینەوە ‌ هاتووە.**

**ابن قیم(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) پاش ئەوەی ئیشارەت بۆ ئەم ئاسارانە دەکات دەفەرمێت:**

(وفي ثبوته نظر، ولو ثبت فلا قول لأحد مع رسول الله ‌ﷺ وسنته أحق بالإتباع ولو خالفها من خالفها)[٢١].

**واتە: ڕاستی بەکارهێنانی ڕەش بۆ گۆڕینی ڕەنگی سەرو ڕیش لای هەندێك لە هاوەڵان وشوێنکەوتوان ‌ جێی بەدوادا چوونە –ناتوانین بڵێین صەحیحە– وە ئەگەر صەحیحیش بێت ئەوا بۆ هیچ کەسێك نییە کار بە کردەوەی ئەوان بکات کە پێچەوانەی فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەرە ‌ﷺ بەڵکو پێویستە شوێنکەوتەی فەرموودەکەی ئەو بین جا ئەو کەسەی کە سەرپێچی فەرموودەکەی کردووە با هەر کەس بێت[٢٢].**

(٢١) (حاشليق القيم على سنن أبي داود : ١١/١٧٣، مطبوع مع عون المعبود، ط: دار الكتب العلمية).

**سودێك:**

**پرسیارم کرد لە شێخ** حمدي السلفي **دەربارەی مانای ووتەی**ابن القيم : (فيه نظر) أو (في ثبوتها نظر) ...**هتد ئایا ئەمە**(تضعيف) **کردنە؟**

**لە وەڵامدا فەرمووی:**

**نەخێر، بەڵام مانای ئەوەیە کە (**أثـر**) ەکە جێی لێکۆڵینەوەیە لەسەر کردن وبەدواداچونە تا بزانرێت (**صحيح**) ە یان (**ضعيف**) ە.**

**وە شێخ(**فريح البهلال**) لە پەرتوکەکەیدا(**إتحاف الأمجاد: ص١٤٥-١٥٧**) بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە دەری دەخات کە گشت ئەم (**آثار**)انە (**ضعيف**)ن.**

**(٢٢) هەندێك جار دەبینرێت هاوەڵێك ‌ یان زانایەکی گەورە کارەکەی سەرپێچییە بۆ فەرموودەیەکی صەحیحی پێغەمبەر ‌ﷺ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك لەوانە:.**

- **فەرموودەکەیان پێ نەگەیشتبێت.**
- **یان لایان صەحیح نەبێت.**
- **یان بە شێوەیەکی هەڵە لە ماناکەی تێ گەیشتبێتن.**
- **یان لایان وا بێت مەنسوخە....هتد.**

**وە چەندین هۆی تر کە** شيخ الاسلام ابن تيمية **لە کیتابە بەنرخەکەیدا**(رفع الملام عن الأئمة الأعلام ) **باسی لێوە دەکات بڕوانە: (**مجموعة الفتاوى: ٢٠/٢٣١-٢٩١**).**

**ئەمە لە لایەك، وە لە لایەکی تر کارکردن بە کارو کردەوەی هاوەڵان ‌ ئەمە مەسەلەیەکی اصولی گەورەیە وە ئەوەی زانایان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە** شيخ الاسلام ابن تيمية **لە کیتابەکەیدا** (اقتضاء الصراط المستقيم: ٢/٩٥) **دا دەفەرمێت:** (من اعتقد أن قول الصاحب حجة فلا يعتقده إذا خالف الحديث فعلى التقديرين لا تصلح معارضة الحديث بقول الصاحب).

**وه هــەروەها**(مبـــاركفورى) **(ڕەحمــەتی خوای لێ بێت) لە شەرحەكەیدا بـۆ**(ســنن الترمذى) **بەڵگەو بۆچونەكانی ئەو زانایانە دەهێنێتەوە كە ڕەش كردنی سەرو ڕیش بە ڕەوا دەزانن ئینجا دەفەرمێت:**

﴿أجيب عن ذلك : بأن خـضب هـؤلاء الصحابة ﴾ وغيرهـم بالـسواد ينفيـه الأحاديـث المرفوعـة فـلا يـصلح للإحتجاج)[٢٣].

**واتــە: كـاری هەنـدێك لـە صـحابە ﴾ وە خــەڵكانێكی تــریش لــە تــابعین لــە بــــەكارهێنانی ڕەنگــــی ڕەش وەڵام دەدرێتــەوە بــە فــەرموودەی صــەحیحی پێغەمبــەر ﷺ ، وە كاتێــك كارەكــەیان پێچەوانەی ئەم بەڵگانە بێت ئەوا ناتوانین بیانكەین بە بەڵگە. أ.هـ.**

**وە هــەروەها شــێخ بــن بــاز (ڕەحمــەتی خــوای لێ بێــت) لــە تعلیقەكــەی بـۆ ســەر كیتابی**(اتحاف الأمجـاد) **دا (ص/١٥٧) بـۆ سەلماندنی ئەوەی كە ئیمامی حسین ﵁ ڕەنگـــی ڕەشـــی بـــەكار نـــەهێناوە دەفەرمێت: (ئەگەر صەحیح بێت ئیمـامی حسین ﵁ ڕەنگی ڕەشـی بـەكار هێنـاوە ئـەوە بـۆ سـەر ئـەوە هەڵـدەگیرێت كـە فەرموودەكانی نەهی كردن لە ڕەش پێـی نەگەیــشتووە، وە بەڵگــە تــەنها لــە**

---

واتە: ئەوەی بڕوای وا بێت كە كردەوە وقسەی هـاوەڵان ﴾ بەڵگەی شەرعییە، با ئاگای لەوە بێت كـە ئەوانـەی دەڵـێن: بەڵگەیـە، وە ئەوانـەی دەڵـێن: بەڵگـە نییـە، هەردوو لایان لەسـەر ئـەوە كۆكن كـە قسەو كـردەوەی هاوەڵان ﴾ نابێتە بەڵگە كاتێك سەرپێچی فـەرموودەی تێدا بێت.

(٢٣) (تحفة الأحوذي: ٥/٤٤٠، ط: دار احياء التـراث، أو: ٣/٧٥، من الطبعة القديمة.

وە شێخ المباركفوري لەم پەرتوكـەدا: (تحفة الأحـوذي) بەڵگەكانی ئەوانـەی بـەكارهێنانی ڕەش بـەڕەوا دەزانـن دێنێتەوە، وە بـۆ ئـەوە هـەڵیان دەگرێت كـە مەبەسـت پێیان سوری تۆخە لە نێوان ڕەش وسوردا نـەك ڕەنگـی ڕەش، ئەمەش لە سێ گریمان:

١- ئەم بەڵگانە صەحیح بن.

٢- ئەم بەڵگانە صەریح بن.

٣- ئەم بەڵگانە لەگـەڵ دەقـە صـەحیح وصـەریحەكانی فــەرموودەكانی حــەرام كردنــی ڕەش دا كاریــان پــێ بكرێت.

وە بـێ گومـان بەڵگـەكانیان صـەحیح نـین، وە ئەگـەر صەحیح بن صەریح نین، وەئەگەر صەحیح وصەریح بـن بەرامبەر دەقەكانی تری فـەرموودەكانی حـەرام كردنـی ڕەش كاریان پێ ناكرێت، وەئەگـەر كاریـان پـێ بكرێـت ئــەوا كــار پــێ كردنەكــە وەكــو كۆكردنەوەكــەی مبـاركفورییـە، واتـە: مەبەسـت سـورێكی تۆخـە نـەك ڕەش، ئەمە لە كاتێكدا كە بەڵگەكان صـەحیح وصـەریح نین.

فەرموودەدایە کاتێك کە صحیح بێت، وە بۆ هیچ کەسێك نییە سەرپێچی فەرموودە بکات بە کارو کردەوەی خەڵکانێك ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە ئیمامی حسین i ڕەشی بەکار نەهێناوە[(٢٤)].

وە هەروەها شێخی ئەلبانی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمودەی: (غيَّروا هذا بشيء واجتنبوا السواد ). دەکاتە بەڵگە بۆ حەرامی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش، پاشان لەوەڵامی ئەوەی کە ئیمامی (زوهری) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەشی لێی ڕیوایەت کراوە دەفەرمێت: (لا حجة في فعل أحد وقوله بعد رسول الله ¢ )[(٢٥)].

واتە: قسەو کردەوەی هیچ کەسێك بەڵگە نییە لە پاش پێغەمبەر ¢ [(٢٦)].

وە ئەم ووتە بەنرخانەی (ابن القيم ومباركفوري وابن باز والألباني) (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) ووتەیەکی زێڕینی ابن عباس مان ´ دێنێتەوە یاد کە دەفەرمێت: (يوشك أن تنزل عليكم حجارة من السماء أقول: قال رسول الله ¢ وتقولون: قال: أبو بكر وعمر ´ )[(٢٧)].

---

(٢٤) وە باشترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کە ئیمامی حسین i ڕەشی بەکار نەهێناوە ئەوەیە کە قوتابییەکەی ئیمامی حسین i ، (عبيد الله بن أبي يزيد) کە بەردەوام لەگەڵ ئیمامدا بووە لەوەڵامی (سفيان بن عيينة) دا دەفەرمێت: ئیمامی حسین i سەرو ڕیشی خۆی ڕەنگ نەکردووە (رواه الطبراني)، بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: (إتحاف الأمجاد: ص١٥٣-١٥٧).

(٢٥) غاية المرام في تخريج أحاديث الحلال والحرام : ص٧١، ط: المكتب الإسلامي).

سودێك: پەرتوکی(الحلال والحرام ) نوسینی دکتۆر(يوسف القرضاوي) هەڵەو خوارو خێچی شەرعی زۆری تێدایە، شێخی ئەلبانی لە دەرهێنانی فەرموودەکانی ئاماژە بۆ زۆر لەو هەڵانە دەکات، وە شێخ (فوزان الفوزان) لە پەرتوکەکەیدا: (الإعلام بنقد كتاب الحلال والحرام ) هەموو ئەو هەڵانە دیاری دەکات وخوارو خێچییەکان ڕاست دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر خوێنەری پەرتوکی(الحلال والحرام) -ئەگەر حەق ویست بێت- لەگەڵیدا پەرتوکی(الإعلام بنقد كتاب الحلال والحرام ) بخوێنێتەوە تا ڕاستییەکانی بۆ ڕوون بێتەوە.

(٢٦) ئەمە لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی ئیمامی زوهری بۆ ڕەنگی ڕەش ڕاست نییە (ضعيف)ە، هەروەکو چۆن شێخی بهلال لە پەرتوکەکەیدا: (إتحاف الأمجاد: ص١٤٠) باسی لێوە دەکات.

(٢٧) ئەم (أثر)ە بەم مانایە ئیمامی أحمد ڕیوایەتی دەکات لە(مسند: ٣١٢١، ٢٢٧٧)، وەهەروەها (ابن عبدالبر) لە(جامع بيان العلم : ١٢٤٧، ١٢٤٨)، وە شێخ(مشهور حسن) لە تەحقیقەکەی بۆ پەرتوکی(إعلام الموقعين) سەنەدی (ابن عبدالبر) تەصحیح دەکات.

واتــه: ئەوەنــدەی نــەماوە ونزیکــە لــە ئاسمانــەوە بــەردتان بەســەردا ببارێــت دەڵــێم: پێغەمبــەری خــوا ¢ وای فەرمووە، ئێوەیش لـە جیـاتی گوێڕایـەڵی دەڵــێن: ابــو بکــرو عمــر ´ وایــان فەرمووە!!!!.

بەڵگەکانی مەرجی دووەم:

چــونکە ڕەنــگ کردنــی مــووی ســپی عیبادەتە بۆیە زیادەکردن وە کـەم کـردن قەبوڵ ناکات وەکو هەر عیبادەتێـکو ئـەو شەرعەی فەرمانمان پێ دەکات کە ڕەنگی مــووی ســپی ســەرمان بگــۆڕین لەبــەر سەرپێچی کردنـی جولەکـەو دیـان(گـاور) هەمان شەرع ڕەنگـەکانی دیـاری کـردووە کە لە چوار چێوەی ئەم ڕەنگانەن:

(قهوائی(بنی) سورێکی تۆخ، سور، زەرد، یــان لــە چــوار چــێوەی ئــەم ڕەنگانــە، بەڵگەی ڕەنگی سور وە زەرد).

بڕوانه(إعلام الموقعين: ٥٣٩/٣، ط:دار ابــن الجــوزي )، وە(المختارة للضياء: ٣٣١/١٠، ٣٥٧).

وە ئەم (أثر)ە بەم لەفزە ئیمامی(محمد بن عبــدالوهاب ) لە کتابی(التوحيد) دەیهێنێتەوە لە ژێر بـابی(من أطــاع العلماء والأمراء في تحريم ما أحل الله أو تحليل ما حــرم الله فقد اتخذهم أرباباً من دو ن الله)، بڕوانە: (فتح المجيد شــرح كتاب التوحيد: ص٤٥٦، ط: دار البيان).

فـەرموودەی(أبي أمامــة) i کـە پێـشتر باسمــان کــرد (پــەراوێزی ژمــارە:١١)، بڕوانە: (إتحاف الأمجاد: ص٧٢ وما بعده، فــصل في بيان الصبغ المشروع تغيير الشيب به).

وە پێغەمبەر ¢ بۆ سوور کـردن خەنـەی بەکارهێناوە وە بۆ زەرد کردن زەعفـەران وە ورسی بەکارهێناوە[٢٨].

وە بەڵگــەی ســووری تــۆخی مەیلــەو قەهوائی وە قهوائی:

فەرموودەی أبي ذر i :

قال: قال رسول الله ¢ :

(إن أحسن ما غيِّر بــه الــشيب الحنــاء والكتم) (بڕوانە پەراوێزی ١٢).

و(حنـا ) واتــە: خەنــە ناســراوە ڕەنگــی مووی سپی سـوور دەکـات، وە(ابن حجر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (فتح الباري: ٣٦٧/١٠) دەفــەرمێت: لەســەر مانــای خەنە کە ڕەنگی مووی سپیو مـۆر سـوور دەکات هیچ ناکۆکیەکم نەبینیوە لە نێوان (فقهاء) وە هەروەها زانایانی زمانەوانان.

(٢٨) بڕوانـە: (إتحــاف الأمجــاد، فــصل في خــضاب الرســـول ¢ :ص٥٠-٥٤)، وە بـۆ بینینـی وێنـەی زەعفەران بڕوانە: (منجد: ص٣٠٢، ط: بيروت).

و(کــتم)ئایــا چ ڕەنگێــك دەدات جێــی کێشەیە لە نێوان زانانیان:

ابن منظــور(ڕەحمەتی خوای لێ بێت): دەفەرمێت: ڕەنگەکەی سورە (لــسان العرب: ٤/٢١٠).

و(ابن حجر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت): دەفەرمێت: (ڕەنگەکەی زەردە) (فــتح البــــاري: ٧/٢٥٨) وە لــە هــەمان سەرچــاوە(١٠/٣٥٥) دەفــــەرمێت: (ڕەنگەکەی ڕەشێکی مەیلەو سوورە).

و(منــاوي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمێت: (ئەگەر بە تەنها بەکار بهێنرێت ڕەنگەکەی ڕەشە) (فیض القدیر: ٢/٤١٧).

وە پاش ئەوەی شیخ (هلال) لە (اتحاف الأمجاد) دا ئەم جیاوازیانە لەسەر ڕەنگی (کتم) لێك دەداتەوە بۆ ئەوە دەچێت کە (کتم) زۆر جۆری هەیە بە پێی جۆرەکانی ڕەنگەکــەی دەگۆڕێــت[٢٩]، وە کاتێــك ئەمــەمان بــۆ دەردەکــەوێت زۆر ڕوون و ئاشکرا دەبێت کە ئەو فەرموودانەی باس لە بەکارهێنانی (کتم) دەکەن بۆ گۆڕینی

(٢٩) بروانە: (إتحاف الأمجاد: ص١١٠، وما قبله).

ڕەنگی (شیب) نابنە بەڵگە بۆ ئەوانەی کە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش بە ڕەوا دەزانن چونکە هیچ دژایەتیەك نیە لە نێوان فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ نییە[٣٠].

کەواتە چۆن دەبێت پێغەمبەر ﷺ لە چەندین فەرموودەدا بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش حەرام بکات بۆ گۆڕینی(شــیب) پاشان لە چەندین فەرموودەدا باس لە بەکارهێنانی (کــتم) بکات بۆ گۆڕینی ڕەنگی(شیب) مووی سپی بەوە ڕەنگی (کتم)یش ڕەش بێت!! ئەمە هەرگیز ناکرێت وە نابێت بەڵکو مەبەست لەو فەرموودانەی باس لە بەکارهێنانی(کتم) دەکەن یەکێکە لەم دوو خاڵانە:

یەکەم: (کتم) لەگەڵ خەنە بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی سورێکی تۆخ لە هەردووکیان

(٣٠) زانایان لەسەر ئەوە کۆکن کە دژایەتی لە نێوان دەقەکانی شەرعی پیرۆزدا نییە، بۆ ئەم مەبەستە بروانە: (الموافقات للشاطبي: ٤/٢٩٤،ط: المعرفة)، و(الرسالة للشافعي: ص١٤٦، فقرة: ٤١٩، ط: شاكر)، ومختصر الصواعق المرسلة لابن القيم : ص٧٨٠-٧٨٣، ط: دار الفكر)، و(زاد المعاد لابن القيم : ٤/١٤٩، ط: المؤسسة)، و(التوحيد لابن خذيمة : ص٢٠٨، ط: الهراس)، و(الكفاية لخطيب: ٢/٥٥٨، ط: دار الهدى)، وغيرها من المراجع.

پەیدا ببێت، وە بە کارهێنانی(کتم) و خەنە پێکەوە بە سەنەدی صەحیح لە خەلیفە (أبو بكر الصديق) ەوە ‌رِوایەت دەکرێت[٣١].

دووەم: (کتم) بەتەنها بەکار بهێنرێت ئەمەش کاتێك دەبێت کە جۆری (کتم)ەکە ڕەنگی ڕەش نەدات.

بەمە دەتوانیت بە تەواوی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ تێ بگەین کە هەریەکەیان تەواوکەری مانای ئەوەی ترە نەك دژ بە یەکن.

ئاگادارکردنەوەیەك:

ئەو (کتم)ەی لای خۆمان –کوردەواری– بەکاردێت پێی دەڵێن: وەسمە ئەمە جۆرە کەتمێکە ڕەنگی ڕەش دەدات بۆیە نابێت بەتەنها بەکار بهێنرێت بەڵکو لەگەڵ خەنە تێکەڵ دەکرێت وە بەهەمان شێوە ئەوەی ئێستا لە بازاڕدا دەفرۆشرێت بە ناوی خەنەی هیندی جۆرێکی ڕەنگی ڕەشە بەکارهێنانی حەرامە با ناوەکەی خەنە بێت، چونکە عیبرەت لە ڕەنگەکەیدایە مەگەر لەگەڵ ڕەنگێکی تر تێکەڵ بکرێت، وە ڕەنگە ڕەشەکەی بگۆڕێ بۆ قهوائی یان سورێکی تۆخ.

ئیتر پوختەی ئەم خاڵە ئەوەیە نابێت مووی سپی بە ڕەنگێگ ڕەنگ بکرێت کە لە چوار چێوەی ئەم ڕەنگانە دەربچێت ئەمە بێجگە لە حەرامی بەکارهێنانی ڕەش.

بەڵگەکانی مەرجی سێیەم:

بەڵگەی ئەوەی کە پێویستە ڕەنگە بەکارهاتووەکە خاوێن بێت زەرەری نەبێت حەڵاڵ بێت دەقە گشتیەکانی قورئانو فەرموودەن لە حەرام کردنی شتی پیس وە زیان بەخش[٣٢].

بەمە دێینە سەر کۆتایی باسەکەمان لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە کە ئەم سونەتە گۆڕینی ڕەنگی مووی سپی سەرو ڕیش لەناوماندا زیندوو بکاتەوە... وە ئەم نوسینەمان لێ قەبوڵ بکات بە ڕەحمو کەرەمی خۆی.... آمين.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

---

(٣١) **بڕوانە**: (إتحاف الأمجاد: ص٧٢-٧٨).

(٣٢)**بڕوانە**: (فتاوى اللجنة الدائمة: ٥/١٦٨).